بۆ بیرکردنەوەکانی رێبین..

# لە بری (تێبینی) تالآنی.. لەبری (رەخنە) تۆمەت؟

ئاسۆعەبدوللەتیف

تۆ لە بری ئەوەی کە داوای لێبوردن بکەیت لە گروپەکەت، لە ویژدانی نوستووت، لە ئەخلاق و ئیتیکی رۆژنامەنوسیت، لە حەرەم و قودسیەتی کۆنفرانس و لە ئەتەکێتی وۆرك شۆپ و لە هاوریێ میوانەکانت، کەچی نەك ئەمانە ناکەیت بەڵکو ئاوەکەش بەتەواوی لێڵ ئەکەیت تا کەسی تر هیچ هەر هیچ نەبینێ، ئاخر تۆ وا ئەزانیت نوسین هەر بۆ ناوو ناوبانگە ئەزیزم، تۆ نازانیت بڵێم چی کە نوسین ئەرك و بەرپرسیارێتی و ئەخلاقە، دەستبردنە بۆ پرۆسیسێکی قوڵی عەقلانی و مەعریفی و ئەوەی نەزانێ لەناو ئەو مەعریفەیەدا کار بکات بێگومان وەك تۆ زوو ئەخنکێ، باشترە خۆت فێری ئەو مەلەوانیە بکەیت... پاشان تۆ لە بری پرۆسەی تالآنکردنی سەرنج و تێبینیەکانی ئێمە کە پۆزش بهێنیتەوە بۆمان و بڵێیت راست ئەکەن من هەڵەم، وەك ئەمە ناکەیت خۆت لێ بۆتە رۆژنامەنوسێکی گەورەو زمانناس و ئەمانترسێنی بەوەی کە گوایە پەیوەندیەکی ئاست بەرزیشت لەگەڵ پەرلەمانتارانی کوردستاندا هەیە!! و موناقەشەی بیروبۆچون و ( تێزەکان!) ی خۆتیان لەگەڵدا ئەکەیت، ماشەڵڵا ماشەڵڵا لەم مێرگی بریکردنەوە سادەیە، لەم سەوزەلآنە زەردە، لەم بیرکوللیە، وەك ئەوەی ئەم پەیوەندیە شتێکی ئەوەندە گرنگ بێ و ئێمە نەزانین پەرلەمانتارەکانمان کوری کام کولتورو بنەماڵەو حیزبن! چ سەرخەوێك ئەشکێنن لە پەرلەمان، یان کام داهێنانیان ئەنجامدابێ تا رێبینیش بکەوێتە گفتوگۆ لە تەکیان، ئەو ئارگۆمێنت و گفتوگۆیەشت پیرۆزو ئێستە دێمە سەر ئەسڵی مەبەست...

ئەم برادەرە دەیەوێت لەم رێگایەوە حەقانیەتی رەخنەکانی ئێمە کاڵ بکاتەوە یان بەو ئاقارەیدا بەرێ کە ئێمە چەواشەکارو تۆمەت هەڵبەستین ، هەروەك بە تەعنەوە ئەڵێ( ئاسۆ و مامۆستا ئەکادیمییەکەیی) کە تەنها لەو دوو ووشەیەدا دوو هەڵەی رێزمانی زەق هەیە، تەنها لە دوو ووشەدا نەك کۆی سەرنجە لاوازەکەی کە پرە لە هەژاری و داماوی و کەمخوێنی دوو هەڵەی زەق هەبێ ئەی ئەبێ لە مێشکیدا چ هەڵەیەکی موعەللەبی ئامادەکراو هەبێت، ئەم برایە هاتووە بە دارشتنێکی لاواز ئێمە مەحکوم ئەکات بە تۆمەتتاش و هەڵەو ووتارەکەشمان بە چەواشەنامە لەبری ئەوەی ویژدانی خۆی دادگایی بکات، گرنگە جارێ رێبین دەرسی ئیملاو رێزمان و سێنتاکس بخوێنێ، ئینجا بشزانێ پرسی ئەمانەتپارێزی و وشە تالآنکردن چیەو ئیتیك و ئەخلاقی رۆژنامەنوسیش چۆنەو بۆ چیە ئینجا بنوسێ و ماڵپەر لۆد و ئیزعاجکات!

گومانم هەیە ئەو سەرنجانەی دیکەشی تالآنکردنی کۆنفرانسەکەی دامەزراوەی بەدرخان بێ و بەئێمەی فرۆشتبێ، کێ ئاگای لێیە وولآتی پاشاگەردانیە ئەوەنیە هەر نوسەرەو کەرەستەو بیری نوسەرانی دیکە ئەدزێ و ئیقتیباس ئەکات کەسیش قسان ناکات، بەلآم رەنگە چانسی رێبین فەتاح ئەوەبێ کەس نەیبینیون یان گوێیان پێنەداوە، ئەم هاورێیەی پەرلەمانتارانی کوردستان کە هاورێیەتیەکی ئاستبەرزیشی لە گەڵیاندا هەیە بێ ئەوەی رۆژێ رەخنەیەکی ئاراستە کردبن، دەبوو زۆر لە سەرخۆو بە نەرمی رەخنەکانی ئێمەی وەرگرتایەو بەو شێوەیە نەینوسیایە کە بە هیچ شێوەیەك نایەوێ بڵێ من هەڵە بووم لە کاتێکدا ئەرکی ئێمە راستکردنەوەی هەڵەی ئەوانی ترە بە دیالۆگی شارستانیانە نەك توندوتیژی و تەشەنوجات،

ئەم برادەرە دەڵێت ئەو ناوانەی من نوسیومن و رونکردنەوەم بە ناوی هەندێکیانەوە نوسیوە لەسەر کۆی تالانکردنەکە، واتە ئەندامانی گروپی(أ) ئەخلاق، گوایە ئەو ناوانە لە گروپەکەدا نین؟ سەیرە رێبین وا ئەڵێ، باشە ئەم چەواشەکاریە لە پای چی؟ راستە رەنگە هەندێکیان رۆژی دووەم هاتبن یان بەهۆی ئیشەوە رۆژی دووەم نەهاتبنەوە، بەلام خۆ هەموویان ئیمزایان لەسەر رەشنوسی گروپەکە کردووە، ئەگەر رێبین راست ئەکات و وایە با یەك ناو لەو ناوانە ئیعترازێك بگرێ و بڵێ رێبین راستی فەرموو؟! بەلام نەك ئەوە ناکەن بەڵکو زۆربەشیان سەرنجیان لەسەر ئەو نوسینە بەناو (چەند تێبینیەی) رێبین هەبوو کە بلاوی کردەوەو کەوتە ئۆفساید و زۆربەشیان لەگەڵ نوسینەکەی مندا هاورا بوون و دەستخۆشیان نارد بە سەرۆکی گروپەکەشەوە کە مامۆستا هەڤاڵ ئەبوبەکر بوو کە لە رووە ئەخلاقی و یاساییەکەشەوە مافی لێپێچینەوەی هەیە و بەتەواوی دژی ئەو تێبینیانەی رێبین بوو ئەو رێبینەی لەگەڵ رێزماندا بۆی نوزەی سەرنجەکانی بە ئاستەمیش دەرنەئەهات لە تاو سەرنجەکانی کاك هەڤاڵ لە رۆژانی کۆنفرانسدا کەچی هەمووی بە ناوی خۆی بلاو کردەوە، بۆ بیرخستنەوەی رێبین هەندێك لە برادەرانی گروپ دەیان ووت لە ناو نوسینەکەی رێبیندا ئێمە سەرنج و تێبینیەکانی خۆمان باش باش ئەناسینەوە.. ئیدی پێویست ناکات رێبین خۆیمان لێ بکاتە تۆماس فریدمان و وا بزانێ هەموو کەس نەخوێندەوارە، کاکە تۆ هەڵەیت و ووتارێکت نوسیوە سەرلەبەری ئەو ووتارە سەرنجی خەڵکی دیکەن و باشترە پێش ئەوەی تۆمەت ریز بکەیت داوای لێبوردن لە هاورێیانت بکەیت و ئەوەندەش بەو لوتبەرزی و نەرجسیەتەوە قسە نەکەیت کە من وام کردو من ئەمەم کردو لەوێ بەشداربووم و پەیوەندیم بەوە کردوو چی و چی و هەزارەها من من، کە خوای گەورەش ئەو منە بەکار ناهێنێ و ئەڵێ (نحن) ، یان دەیان زاراوەو کۆنسێبتی وەك یاسای چاپەمەنی و زانکۆی فەرەنسی و سۆربۆن و سویدت ریزکردوەو کەس نازانێ باسی چی ئەکەیت و هیچ پەیوەندی بە چەمکی تالانکرنی سەرنجەکانی کۆنفرانسی یونامیشەوە نییە کە دەبوو وەلامی ئەوەت بدایەتەوە کە چۆن جورئەتی ئەوەت کرد، ئەوە ئەسڵی رەخنەکەی ئێمەیەو پەلەکانی بلاومەکەرەوە بۆ چەواشە کردنی خوێنەر، کە لە بری (تێبینی و سەرنج) تالانیمان پێ ئەفرۆشی و.. لەبری (رەخنە و دیالۆگیش) تۆمەتمان بۆ ریز ئەکەیت، (ئەمەش دوا وەلامی منە) و ئەگەر وەلامیشت دایەوە وەلامی گروپەکە بدەرەوەو باس لەو تێبینیانە بکە کە هیچیان هی خۆت نەبوون و بلاوت کردنەوە بە ناوی خۆتەوە.

## تێبینی

گروپی (أ) یەکێك بوو لە گروپەکانی کۆنفرانسی یاسای کاری راگەیاندن و رێسای ئەخلاقیەت لە میدیای کوردیدا، کۆنفرانسێکی دوو رۆژیی بوو کە رێکخراوی یونامی لە ئوتێل خانزاد سازیکردبوو بۆ رەشنوسی یاسای کاری راگەیاندن و رۆژنامەنوسی و رێسای ئەخلاقیەت لە میدیای کوردیدا بۆ رۆژنامەنوسانی کوردستان کە لە رۆژانی 3-2007/6/4 لە شێوەی ۆرك شۆپێك و بە ئامادەبوونی فەلەکەدین کاکەیی وەزیری رۆشنبیری و خاتوو نورەڵ رەشید بەرپرسی ئۆفیسی مافی مرۆڤ سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەولێر سازکرا، ئەندامانی گروپەکەش بریتی بوون لەم رۆژنامەنوسانە بەرێزانە و ئیمزاکانیان لای ئێمە پارێزراون..

1.هەڤاڵ ئەبوبەکر (سەرپەرشتی گروپ)

2.سەردار قادر محێدین / رێکخەری گروپ

3.مەم بورهان قانع

4.بەهێز حسێن

5.کوردستان سالم سەعید

6.یەحیا عومەر فەتاح

7.رەحیم سورخی

8.رێبین فەتاح

9.ئاسۆ عەبدووللەتیف

10.عبدالحمید زێباری

11.شڤان تۆفیق

12.نازم دڵیەند

13.رێبین رەسوڵ ئیسماعیل

14.عەلی کەریم

15.نەزەند بەگیخانی

16دڵزار حەسەن.